# یەکی ئایار لەشاری کەرکوك

بەمەبەستی پێشوازی کردن لەیەکی ئایار ، یەکێتی کۆمۆنیستەکان لە عێراق، پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان ، پارتی کاری دیموکراتی کوردستان ، تەڤگەری ژنانی ئازادیخوازی کوردستان ، کۆمەڵی هەڵسوراوی بزووتنەوەی کرێکاری و چەپ هەڵستان بەپێکهێنانی کۆمیتەی مەراسیمی یەکی ئایار ، هەرلەسەرەتاوە قسەو باسەکان بەشێوازێکی زۆر سەرکەوتوانە چوو پێشێ وە زۆربەی ئەو لایەنانەی سەرەوە لەسەر ئەوە هاوڕا بوون کە لەم یەکی ئایارەدا هەندێ مەسائیلی گرنگ بێت کە خاڵی هاوبەشی نێوان ئەو لاینانەو ناوەڕۆکی مەراسیمی یەکی ئایار پێکبێنێت کە لەم شیعارانەی خوارە هاتووە ،

1 - لە یەکی ئایاردا پێدادەگرین لەسەر ئەوەی حکومەتی ئایندەی عێراق حکومەتێکی مەدەنی وعەلمانی بێت .

چارەیەکە بۆ باش بوونی باری ئاسایشی کۆمەڵگا 2– لەیادی یەکی ئایاردا دابین کردنی کار بۆ بێکاران ، ڕێگە

3 – پێداگرتن لەسەر بەڕەسمی ناسین و بەردەوام بوونی یەکی ئایار وەکو پشووی ڕەسمی لەدەستووری ئایندەدا .

4- پێویستە نوێنەرانی ڕیکخراوە پیشەی جەماوەری و کرێکاریەکان بەشداری بکەن لەنووسینەوەی دەستووری نوێدا.

5- یەکی ئایار ڕۆژی ڕەنج و بەرخودانی چینی کرێکار لەتەواوی گەڵی کوردستان و گەلانی عێراق و گشت مرۆڤایەتی یئازادیخواز پیرۆز بێت .

6- هاوکاری و خۆڕیکخستن و تێکۆشانی هاوبەشی چینە زەحمەتکێشەکان گەرەنتی ژیانێکی ئازاد و یەکسان و دیموکراتە .

7- لەیادی یەکی ئایار جەژنی جیهان چینی کرێکار ، پێداگری لەسەر بەرجەستەکردنی دادی کۆمەلأیەتی دەکەین .

8– لەیەکی ئایاردا خوازیاری زیاد کردنی کرێی کرێکارانین بەپێی پێداویستی و هەلئاوسانی نرخ لەبازاڕدا

9- ڕۆژی یەکی ئایار ڕۆژی بەرخودان و هاوخەباتی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشە

10- دابین کردنی بودجەی تایبەت بۆ ڕێکخراوە پیشەیەکانی چینی کرێکار زەمینەی فەراهەم بوونی کۆمەڵگای مەدەنیە

11- لەیەکی ئایاردا باشکردنی باری ئاسایشی خەڵك یەکێکە لەداواکاریە سەرەکیەکانی چینی کرێکار .

ئاشتیانەو یەکسان . 12- لەیەکی ئایاردا ، نا بۆ جیاوازی نەتەوەی ، بەڵێ پێکەوە ژیان بەشێوەیەکی

13- لەیەکی ئایاردا ، داوای دابینکردنی کار بۆ بێکاران دەکەین بەبێ تەزکیەی حیزبی و ئینتمای سیاسی

14- پێدادەگرین لەسەر بەڕەسمی ناسین و بەردەوام بوونی یەکی ئایار وەکو پشووی ڕەسمی لەدەستووردا .

شایەنی باسە بۆ ئەم مەراسیمە سەردانی چەندین لایەن حزبی سیاسی کرا بەلأم بەداخەوە لەبەر هەر هۆیەك بێت ئەو حیزب لایەنانەت سەرباری کە لەدانیشتنەکاندا هاوڕای و ڕەزامەندی خۆیان سەبارەت بە چۆنێتی گێرانی مەراسیمی یەکی ئایار ئەو ئامانجا سیاسیانە کە لەو ڕۆژەدا مەبەستە ، زۆریان هەر بێ وەلأم مانەوە ودوورە پەڕێزیان هەڵبژاد یاخوود بەنیازن مەراسیمی سەربەخۆی حزبی ئەنجام بدەن .

شوێنی مەراسیمەکە : هۆڵی نەورۆز نزیك تەپەی مەلا عبدالله

1 ی ئاپاری 2005 کاتژمێر 5 ی ئێوار

هاتن بۆ هەموانە

کۆمیتەی مەراسیمی یەکی ئایار لەشاری کەرکوك